ڕۆژنامەی وەرزش
یەکشەممە 2012/1/22
ژمارە 363

ئەڤین شمشێربازی ئافرۆدیت: گرفتمان نەبوونی هۆڵی تایبەت و ئامێری شمشێری سەردەمیانەیە

یاریی شمشێربازی یەکێکە لە یاریە تاکەکان کە لەسەر ئاستی جیهان گرنگی زۆری پێ دەدرێت‌لە کوردستانیش لە ئێستادا ژمارەیەک لە کچە یاریزانی بەتوانا دروست بوونە کە ماوەی رابردوو هەوڵی زۆریان داوە بۆئەوەی ببنە نمونەی یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی عێراق، لەم ناوەشدا یاریزان ئەڤین ئەحمەد کچە یاریزانی یانەی ئافرۆدیتی سلێمانی لەدایکبووی ساڵی 1981ی شاری سلێمانیە و لەهەمان کاتیشدا مامۆستایە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجام دا.

***ئاستی ئەم یاریە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-لە ئێستادا ئاستی وەکو پێویست نییە کە شایەنی باسکردن بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چەندین یاریزانی بەتوانا لە هەوڵی ئەوەدان گرنگی بە یاریە بدەن بۆئەوەی ئاستەکەی بەرز بێتەوە.

***بە بۆچونی تۆ چی بکرێت باشە بۆئەوەی یاریی شمشێربازی گرنگی زیاتری پێ بدرێت؟**

-لە ئێستادا پێویست و ئامێری تایبەتی سەردەمیانە وئەو یاریە و دروست کردنی هۆڵی تایبەت بەم یاریە و پێگەیاندنی یاریزانانی تەمەن بچووک بۆئەوەی ئاستی بەرز بێتەوە.

***کێشەو گرفتتان چییە لە یاریی شمشێربازی؟**

-نەبوونی هۆڵی تایبەت بەم یاریە و نەبوونی ئامێری شمشێری تایبەت و سەردەمیانە کە بۆیاریەکان باش بن چونکە ئامێرەکان کۆنن.

***لە سلێمانی ئاستی ئەم یاریە لە چ ئاستێکە؟**

- شاری سلێمانی بەردەوام گرنگی بەگشت یاریە وەرزشیەکان دەدات، لەم یاریەش تاردەیەک لە پێشەو چەندین یاریزانی بەتوانامان هەیە کە ئاست و ئەنجامیان هەبووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان.

***بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێک بۆپێشخستنی ئاستت؟**

-لە ئێستادا ئەگەر بکرێت مەشقی بەردەوام بکەم و ئاستی خۆم بەرەو پێشببەم ویانەکانیش بەردەوام راهێنان بە یاریزانانی خۆیان بکەن وپاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە دەتوانم ئەنجام هەبێت.

***چی بەو خانەوادانە دەڵێی کە ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بەخۆیان دابچنەوە گرنگی زیاتر بەم یاریە بدەن وڕێگە بۆرزۆڵەکانیان خۆش بکەن بۆئەوەی ڕوو لە وەرزش بکەن.

***وەکو خۆت تا ئێستا ڕێگریت لێ نەکراوە لە وەرزش کردنت؟**

-نەخێر بەڵکو خانەوادەکەم زۆر هاوکاریشم دەکەن هەموو کات هاوکارو پاڵپشتک بووینە لە وەرزش.

***هیواو ئاواتت چییە وەکو یاریزانێکی کچ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم گرنگی بەتواناو ئاستی خۆم بدەم بتوانم لە پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامم بەرچاو بێت.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاسی خەباتی وەرزشی دەکەم،بەهیوای ئەوەم ئاستی ئەم یاریە زیاتر گرنگی پێ بدرێت لەسەر ئاستی کوردستان.

دیمانە:کارزان کانەبی

ناوی ئەو یانانە ئاشکرا دەکات کە کەمکرانەوە

ڕاپۆرت : شەمال دیلان

هەفتەی ڕابردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کەچەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئامادەی ڕووماڵکردنی بیوون، دسامی عەزیز بەڕێوەبەری گشتی و ئەزمەر خەلیل جیگری بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و یاریە میللییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ناوی پازدە یانەیان ئاشکرا کرد کە لەقۆناغی دووەمدا کەمکرانەوە یانەکانیش بریتین لە (گولان، حوگە، ئەرمەن، ئاشووری، حاجیاوا، چوارقورنە، کریکاران، کەیوان، ئاشتی داقوق، لەیلان، وارماوە، شارەزوور، جەلەولا 1، جەلەولا 2) هەروەها ناوی پێنج یانەی تریشیان ڕاگەیاند کە بۆماوەی ساڵێک خراونەتە ژێر چاودێری و پێوستە پابەندی ڕێنماییەکانیان بین ئەگینا ئەوانیش لەماوەی داهاتوو دەخرێنە بواری کەمکردنەوە و ئەو یانانەش پێکهاتوون لە (ئەسپ سواری هەولێر، رزگاری، فرۆکەوانی هەولێر، فرکەوانی سلێمانی، خەبات) . دکتۆر سامی ڕایگەیاند کە کەمکرنەوەی یانەکان بەهیچ جۆرێک دەستی حزبایەتی تێدا نەبووە و هەموو یانەکانیش لە ڕوانگەی ئێمەوە یەکن و لێژنەیەکی پسپۆڕیش لەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەو پرۆسەیەوە هەڵساون هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت دەست لە کاروبارەکانیان وەربدات و ئەوان بە پێی بوونی پێوەری ژیرخانیکی وەرزشی دەوڵەمەند کار دەکەن، هەروەها گوتیشی ئەو لێژنەیە بەر لەدەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە چەند ڕێنماییەکیان دەرکرد تاکو کەم و کوڕییەکانیان جێبەجێ بکەن، هەروەها ئەوەشی خستە بەر باس کە ئاگادارن چەند یانەیەک لەوانەی کەمکرانەوە ئێستاکە بەشداربیان لە کێبرکێکاندا کردووە بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر بە نووسراوێکی فەرمی ئاگادار کراونەتەوە کە یانەکەیان دادەخرێت، هەر لە دریژەی قسەکانیدا ڕوونیکردەوە کە چەند یانەیەک هەن لەنێو سنوریکدان تەنها چەند کیلۆ مەترێک نیوانیانە پێوستە ئەوانیش لێک بدرێنەوە بکرێن بەیەک یانە، لەلایەکی تریشەوە ئەزمەر خەلیل جیگری بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یاریە میللییەکان ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ڕێگری لەهیچ لایەنێک و سەرمایەدارێک ناکەن بۆ ئەوەی یانەیەک دابمەزرێنن و داوای وەرگرتنی مۆڵەتیان لێ بکەن و ئەوان بە خۆشحاڵییەوە مۆڵەتیان پێدەدەن بەمەرجێک یانەکە خۆی داهات بۆ خۆی پەیدا بکات، داوای وەرگرتنی هیچ پشتیوانێک لەحکومەت نەکات، لە وەڵامی پرسیارێکیش کە ماوەیەکە لەنێو ڕاگەیاندنەکاندا شەرێکی سارد لە نێوان وەزارەت و یەکێتی تۆپی پێ کوردستاندا دروست بووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەجامی قیڤا نزیک بۆتەوە و کەچی وەزارتی ڕۆشنبیری و لاوان لەنۆژەنکردنەوە و ئامادەکردنی یارگاکاندا بەخەم سارد وەسفدەکرێت، ئەزمەر گوتی : بە پێچەوانەوە پەیوەندیی نێوان ئێمەو یەکێتی تۆپی پێ کوردستان زۆر باشە هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نیە، لەبارەی نۆژەنکردنەوەی یارگاکانیش ماوەیەکە لێژنەیەک بەو کارەوە هەڵساوە و بڕیاری نۆژەنکردنەوەی چەند یارگایەکیشیان دەرکردووە، پێشموایە بۆ میواندارێتی جامی قیڤا هیچ کەم و کوڕیمان نیە لەبەر ئەوەی چەندیارگایەکمان هەیە لە کوردستان زۆر لەو یارگایانە باشترن کە پێشتر ئەو پاڵەوانێتییەی تێدا بەڕێوەچووە.

جێگەی باسە لە ساڵی 2007 ڕێژەی یانەکانی کوردستان 158 یانە بوو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەرزش و یاریە میللییەکان وەکو قۆناغی یەکەم 86 یانەی کەمکردەوە و ئێستاکەش کە بەقۆناغی دووەم ناوەندبرێت 71یانەی تریشی کەمکردەوە، بڕیاریشە لەماوەی داهاتوو چەند یانەیەکی تریش کەمبکەنەوە.

وەرزش لە خورماتوو، بە کەمی خەمی لێ دەخورێت



ڕاپۆرت: عومەر ئاوارە

لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا کە خەباتی وەرزش لە پرسی وەرزش وەکو پرسێکی گرنگ وبەرچاوو پێی هەستا، دەرکەوت کە ئاستی وەرزش لە شارەکە زۆڕ لە دوای زۆڕ لە دابەزیندایە، بە هۆی پشتگوێ خستنیەوە کە زۆر بە کەمی باسی دەکرێت وگرنگی پێدەدرێت لە چاو ساڵانی پێشووکە ئەمەش وەهای کردووە زۆڕ لە دوای زۆڕ ئاستی وەرزش بەرەو دواوە بڕوات، یایزانانیش ئەم هۆکارە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە بە باشی بایەخ بە وەرزش لە شاری خورماتوو نادرێت وکەسێکیش نییە ئەو کێشەو گرفتانەی کە وەرزشوانان هەیانە بۆیانی چارەسەر بکات وڵە خەمیان بکۆڵێتەوە... پێشڕەو حەسەن یاریزان وسەرپەرشتیاری تیپی برایەتی، ئاماژەی بەوەدا کە تەنها وەرزشە لە خورماتوو کەس باسی ناکات وبایەخی پێنادات،پێشڕەو وتی:- ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەبینن کە وەرزش لە شارەکەدا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کەسێک نییە بە جدی خەمی وەرزش و وەرزشوانان بخوات، ناڵێم شت نەکراوە، بەڵام بە کەمی کراوە کە بە قەناعەتی من هیچ خزمەتێک بە وەرزش بە تەواوەتی ناگەیەنێت،هەروەها ئەو وتی:- گۆڕەپانێک لە تەنیشت گۆڕستانەکەی گەڕەکی ڕزگارییەوە دروستکرا کە ئێواران تیپەکان بۆ یاریکردن ڕوویان تێدەکرد، بەڵام بە لە بەر چەند هۆیەک گۆڕەپانەکە تێکدرا وئەرزەکەی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەک تەرخانکرا. کە ئێستا ئەو تیپانە سەرگەردان نازانن بۆ یاریکردن ڕوو لە کوێ بکەن.

هەروەها یاریزان هاوکار کەریم حسێن لە بارەی نەبوونی خزمەتکردنی پێویست بو وەرزشوانانی شاری خورماتوو گوتی: بەراستی تیپەکان هاوکاری تەواو ناکرێن وگۆڕەپانی باش نییە بۆ ئەوەی یاریەکانی تێدا بکرێت وبەراستیش کەسێک نییە خەمی وەرزشوانان بخوات، بە تایبەت تیپەکان،ئەوەشی کە دەکرێت بۆ وەرزش و وەرزشوانان لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەو یاریزانە خۆزاریارە کە لە خورماتوو بایەخی زیاتر بە وەرزش بدرێت وئاوڕی جدی لێبدرێتەوە وڵە هەمان کاتدا چارەسەری کێشەو گرفتەکانی وەرزش وەرزشوانانیش بکرێت.

یاریزان محەمەد بەرزان کە ئەویش ماوەی چەند ساڵێکە وەکو یاریزانێکی تۆپی پێ یاریدەکات، لە بارەی کێشەو گرفتەکانی وەرزشەوە لە شاری خورماتوو وتی:- ئەوەی کە ئێستا باسی بە کەمدەکرێت و بە کەمیش بایەخی پێدەدرێت وەرزشە، هەموو وڵاتێک بە وەرزشەوە جوانە،وەرزشیش بۆ هەموو کەسێکە، بەڵام لەم شارەی ئێمەدا تەنها وەرزشە پشتگوێ خراوە، تاکو ئێستا لە خورماتوو یارگایەکی باش نییە، بە تایبەت لە گەڕەکە کوردییەکاندا بو ئەوەی یاریزانەکان یاری لە سەر بکەن وخولی لە سەر بکەنەوە،خوزگە یارگایەک هەبوایە بۆ ئەوەی ئێمەش بمانتوانایە خول بکەینەوە ویاری لە سەر بکەین، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە لە نەبوونی یارگا دەبێت یەک هەفتە چاودەروان بکەن بۆ ئەوەی لە یارگاکەی یانەی هاوکاری خورماتوو سەردیان بەرکرویت بۆ ئەوەی یاریەک ئەنجامبدەن.

دواتر یاریزان بەختیار جومعە ئەویش وەکو یاریزانەکانی هاوڕێی گلەیی وگازندەیەکی زۆری بەرامبەر بەو پشتگوێخستنەی وەرزش و وەرزشوانان هەبوو کە لە ئێستادا دەکرێت، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەکو پێویست هاوکاری ناکرێن وزۆر جار لە بیر دەکرێن، بەختیار وتی:- منیش وەکو هاوڕێکانم دەڵێم کەسێک نییە بەڕاستی خەمی وەرزش و وەرزشوانان بخوات لە شارەکە، بۆ نمونە خولێک دەکرێتەوە ودواتر ئاژاوەیەوە ئەنجامدەدرێت وبە هۆی ئەو ئاژاوەیەوە ئەنجام نادرێت، ئەگەر کەسێک بەراستی خەمی ئەوە بخوات وبەتەواوەتی پشتگیری وهاوکاری بکات، ئەوا من بە دڵنیایەوە دەڵێم هەر خولێک بکرێتەوە بە سەرکەوتووی کۆتایی دێت، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە تەنها تیپە کوردییەکانی شاری خورماتووە پشتگوێ دەخرێن وهاوکاری ناکرێن.

فەرامۆشکردنی گیانی بەرزی وەرزشی

سەلام حوسێن*

زۆرجار باسمان لە گیانی بەرزی وەرزشی کردووە کە چەندە گرنگە و نرخ و بەهای خۆی هەیە لە نێوەندی وەرزشدا، بەڵام ئەوەی جێگای داخە زۆر جار وەرزشوانان بەگشتی و یاریزانانی تۆپی پێ بە تایبەتی ئەو لایەنە گرنگ و بەرچاوە فەرامۆش دەکەن و وەک پێویست بایەخ و گرنگیی پێنادەن، بەرچاوترین هۆکاریش بۆئەوە نەبوونی ڕۆشنبیریی وەرزشییە لەلایەن زۆرێک لەوانەی لە گیانی بەرزی وەرزشی لە وەرزشدا ناپارێزن.

ئەوەتا لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا یاریزانی ڕیال مەدرید پیپی لە یاریی کلاسیکۆ بەرامبەر یانەی بەرشلۆنەدا هەڵوێستێکی دوور لە گیانی وەرزشی بەرامبەر مێسی پیادە کرد کە کامیرای هەموو دنیا ئەو هەڵوێستە ناوەرزشییەی تۆمار کرد و بە خراپی زۆریش باسیان لێوە کرد، کەچی دوای ئەو هەڵوێستە پیپی داوای لێبووردنی کرد، بۆیە بە بڕوای من ئەوەیان چووە ناولاپەڕە گەشەکانی میژووە و هەرگیز بەداوای بووردنێک چارەسەر نابێت، ئەگەر بۆ میژووش بگەڕێینەوە دەبینین لە زۆربەی زۆری یاریگەکانی دیکەش هەڵوێستی لەو شێوەیە هاتوتە پێشەوە و میژووش زۆر بە خراپی تۆماری کردووە و ئەمڕۆ و سبەی نەودوای نەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و نەفرەتی لێ دەکەن، جا ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە دەبێ هەموومان پەند و ئامۆژگاری لەو حاڵەتە سەلبی و خراپانە وەربگرین و بەرنامەیەکی ڕاستودروستی لەسەر بنیاد بنێین بۆئەوەی بواری وەرزشی لەسەر ڕێچکەیەکی خراپ بڕوات بەڕێوە و هەموو لایەکیش شانازیی پێوەبکات.

*** سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان**

ڕۆژنامەی وەرزش
خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
nazhad@xebat.net
سەرپەرشتیار
هاوار مورتکەیی
Mob:0750 447 5407
hawarmurtkaee@yahoo.com
چاپخانەی موکریانی